# هۆنراوه

# عەلی حەسەنیانی (هاوار)



www.gagesh.com
کەریم دانشیار

# جەلاد

وەرە جەلاد!
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.
ئەتۆ جەلاد!
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،
ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم،
بە وەڵاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم قەتیش ناڵێم پەشیمانم..

وەرە جەلاد !
وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار !
دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار
ئەوە شانازییە بۆ من ،
بەوەی ناکوژی ئیمانم ، ئەوە سەربەرزییە بۆمن..

وەرە جەلاد !
وەرە ئەی دوژمنی بێداد !
لەبەرچی مەعتەلی ، ئەی بۆچی ناکوژی ؟
بە زیندوویی لە گۆڕا بۆچی نامنێژی؟
قەسەم بەم کۆت و زنجیرە،
بە هەرچی دیل و یەخسیرە،
بە ئاواتم ،
بە ئیمانم ،
بە پەیمانم ،
بە خوێنی پاکی ئەو کوردەی لە ڕێی ئاواتی کوژراوە،
قەسەم بەم خاکە خوێنینە،
قەسەم بەم ژینە شێواوە،
ئەگەر دەربێنی چاوانم ،
ئەگەر بشکێنی ئێسکانم ،
بە وەڵڵاهی ،
بە خاکی پاکی کودستان،
ئمن کوردم قەتیش ناڵێم پەشیمانم

تاران 1959

# بۆمباران

شەوێکی بێدەنگ ،
تاریک ، شەوەزەنگ،
بە بەهارە شەو،
درەنگ کاتی خەو،
دێ دامرکاوبوو..

جار جار قرەی قەل،
لە بنەی دار و باخ،
یا دەنگی کوندێک،
لەلای شاخ و داخ،
یا لوورەی گورگێک،
لەلای تەل و گرد،
بیدەنگی دێیان لە نێو لادەبرد..
جار جار دوو لک دار،
هەر وەک دوو دڵدار،
سەریان وێک دێنا سرتەیان دەکرد..
پاش تاوێکی دی ،
گەڵایەکی دی ، دەکەوت و دەمرد..

بای پیرە شەماڵ خەمی دەپرژاند،
دڵی دەبرژاند،
شەمی سەر گۆڕی مردووی دەکوژاند..

شەو بوو،
ماتەم بوو،
دێوی شەو دەهات،
بزەی دەکوشت و خەمی جێ دەهێشت..
ئاسمانی ڕەش،
لە چواچێوەی گوند تەمی دادەبێشت..
لە ناکاو خەمی واهی و خەیاڵی،
لە دێ وەدی هات..
لە باوەشی دایک، مرد کۆرپەی ئاوات..
ەک ڕێژنە باران،
گوللە و بۆمبا،
بۆ سەر دێ دهات..

سبەینێ نە دێ ، نە ئاوەدانی،
نە ژن ، نە پیاو، نە باخ ، نە کانی،
هیچی نەمابوو..
بەڵام لە دۆڵێک،
لە نێو دوو کێوان،
گۆڕستانێ بوو پڕ شین و ماتەم،
خودای تەم و خەم،
دەهات و پڕ مشت،
خمی لێ دەڕشت..

تاران 1959

# پەڕەسلێرکە

پەڕەسلێرکە! دەنگت هەڵێنە
خونچەی ژاکاوی دڵ بخەملێنە
تۆ وەکوو من نیی بە کۆت و زنجیر
هاواری بڕاو لە گەرووی یەخسیر
ئازادی ، بەندی و پێ بەستراو نیی
لەماڵە خۆتا تێهەڵدراو نیی
دەخولێیتەوە گەرمێن و کوێستان
سەر و خوار دەکەی خاکی کوردستان
دەگەڕێی شار و چیا و لادێ
ئاگای لە ئاوا و لە چۆڵ و لاڕێ
لە هیچ ماڵێکا تۆ بێگانە نی
ئاشنای گەلی بۆ هەر کوێ دەچی
سا بەو چریکەی سەرخۆشی دێنی
دڵی خەمگرتووی گەل دەلاوێنی
بڵێ بزانم گەلی داماوم
لە نیشتمانی بەش بەش کراوم
چۆنن؟ بەکەیفن ؟ شادن ؟ دڵخۆشن؟
چەشنی دڵی من هەروا لە جۆش ؟
بڵێ بزانم نەمامی خەبات
بەری هێناوە ؟ ئاوات وەدی هات ؟
پەڕەسلێرە ! کەی بۆم دەخوێنی ؟
بێ وازم ئەی کەی دڵم دەدوێنی ؟
مەڵێ نازدارم ! دەنگت هەڵێنە
شووشەی جەخاری دڵم بشکێنە
پەردەی خەیاڵم بلەرزێنەوە
کۆرپەی ساوای دڵ بلاوێنەوە

تاران 1960

www.gagesh.com

# کەژاڵێ

کەژاڵەکەم !
خەیاڵەکەم !
هەزار هێندە ڕابرێ ،
هێشتێ هەر خەیاڵی تۆ هەوێنی بەستەکانمە..
بیری خۆشی ناز و خەمزەکەت هومێدی نیو ژیانمە..
گەرمەلانی گیانەکەم !
جوانهکەم !
چاوەڕێی دوو کۆتری جوانی چاوتە ..
دڵم کە ئۆگری خەیاڵی پووچ و خاوتە
هەر بە ئارەزووی تۆ لێدەدا..
ژیانەکەم !
بەرخە کورپەڵەی لە دوای مێگەلانەکەم!
هیچ لەبیرتە گوتت کە ئەوپەڕی ژیانمی ،
ستێرەی ئاسمانمی ،
شەماڵی بەربەیانمی ؟
گوڵم !
دڵم !
لەبیرتەخەیاڵمان دەڕۆیی بۆ هەواری ئارەزوو.. ؟
لە ژێر نم، نمی وەفا ،
بزەی دەهاتە سەر دەمی ،
گوڵی بەهاری ئارەزوو.. ؟
ئەوێستێ بیری تۆ لە چەشنی دەرکەیەک ،
ڕێی هەلاتنم وەبەر دەنێ،
لە داوی خەم ،
لە چنگی مردنێ ..
خۆشەویستەکەم !
خۆ فریو دەدەم ..
خۆ فریو دەدەم بە ئارەزووی تۆ مەست دەبم.
ئاخ .. چ خۆشە مەستییەکی وا ،
لە بۆ لەبیر بردنێ ،
لە بۆ لەبیر کردنێ ..

تاران 1961

## گوناهـ

شەوێکی بێدەنگ، هەوارێکی خۆش
داری سەرچاکی ڕازداری خامۆش
گەلایەک وەری بە سروەی شەماڵ
سێبەر جووڵاوە بە نەرمی خەیا
گەلا سرتەی کرد :
ـ گەستن ، دەرنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێدنگە
پەری بۆ سرتە لێک کۆ بوونەوە
سێبەر بوو بە دوو ، لێک جویّ بوونەوە
جار جار بە ئاوڕێک یەکتریان دەدی
گوناهـ ! بەخێرچی تا جارێکی دی

تاران 1963

## خۆ فرۆش

هەر کاتە جێیەک ،
هەردەم لە شونێک ،
هەر شەو بە مەستی،
میوانی نوێنێک..

***

بێکەس و تەنیا
دیلی داوی خەم ،
ڕۆژگاری شەوگار
یۆگری ماتەم

***

بەرەو نەهاتی
دەچێتە پێشێ
تاوانبار نییە
تاوان دەکێشێ

***

تریفەی مانگە
لە نێو کەلاوان
شەمامەی جوانە
بۆ دەستی لاوان

***

جامی ژیانە
بەڵام شکاوە
تازە یەک بگرێ ؟
خەیاڵی خاوە..

***

ڕۆژێ دەیبینی
گوڵێک پەڕپەڕ بوو
یەک بە یەک دەڵێ :
ـ ئەویش لە دەس چوو !

تاران 1963

# خەیاڵ

خەیاڵێك بوو ..
گوتم : با چارەنووسم
ـ چارەنووسێکیکە دایناوە بۆ من باب و باپیرم ـ
بگۆڕم ،
تێکی دەم ،
لای بەم ..

***

خەیاڵێک بوو..
گوتم : با بەردەڵانی ژینی داهاتووم ،
ـ وەکوو مەنسووری هەللاج ـ
لە هەللاجی بدەم ،
لای دەم ..

***

خەیاڵێک بوو ..
خەیاڵێکی جوان و پاک و پحرۆز بوو..
دەمێک ویرغە ،
دەمێک نەرمە ،
دەمێک پڕتاو ،
کوتام ،
ڕۆییم بەرەو ئامانج ..
گوتم : هەرچەندی بەردی سار و گەرمم بێتە سەر ڕێ نابەزم،
مەردم ..

***

خەیاڵێک بوو..
خەیاڵی دوێنێکەم وابوو ،
سبەینێ چۆن دەبێ ئاخۆ .. ؟

زیندانی قزڵ قەڵا 1964

داوەڵ

شەوە ، تاریک و بێ نوورە،
شەوە زاڵە،
ژیان تاڵە ،
هومێدم کۆشکی خاپوورە ،

***

نە هاژەی ئاوی هەڵدیر،
نە خوڕەی چەم ،
نە سرەتەی کانیاوی ڕوون ،
دەڵێی گشتی لە سامی شەو قەتیس ماون..
پەری چیرۆکەکان ئەمشۆ ،
لە بەندی بێ تروسکایی شەوا یەخسیر و داماوەن ..

***

تەنانەت ئاسمانی مل بە کوێنی ڕەش ،
لە پرسەی مردنی ئەستیرەوکانی دا ،
خەمی داگرتووە و خەم بۆ وی پەرژینە،
لە نێو جەرگی کەژ و لێڕ و چەما شینە..
بەڵام هاواریان کورتە ،
ئەگەر ژین وایە ، لەعنەت بێ لە هەرچی پێی دەڵێن ژینە ..

***

شەوە ، تاریک و بێ نوورە،
جریوەی مەل لە گۆماوی شەوە زەنگا ،
لە گەڵ هاواری من خنکا ..
بە پەنجەی ئاسنینی دێوی شادی کوژ
تەواوی تێلەکانی سازی قرتان ..
تەوژمی شادی فەوتێنی کزەی زریان ،
شەمی هیوای گەلی کووژاند،
هەزاران داخی بێ ئامان ،
دڵی برژاند، دڵی برژاند..

***

شەوە ، تاریک و بێ نوورە،
لە جەرگی تاریکی دا بەزمی شەیتانە
کە ئەمشۆ مەستی سەرکەوتن خەریکی بادە نۆشانە
ئەوا سەرگەرمی کەیفە و هاوپیاڵەی وی
نڕۆنی ئەم سەدە سەدامی خوێن ڕێژە
کە روحی ئاتیلا، چەنگیز، نڕۆن، هیتلێر،
لە نێو ئێسک و پرووسکی گەندەڵی ئەو داوەڵە بێ دەنگ و داماوە
خەریکی سرتە سرتن، جووڵە جووڵیانە ..

***

## شاری خامۆشان

تاقە کووچەی شاری خامۆشان ،
خۆڵەپۆتینێکی نەرمە ،
قرچەقرچی نیوەڕۆی هاوینە ، گەرمە ،
چۆڵ و بێ ئاوابییە ،
زۆر لەمێژە هاتوچۆی تێدا نییە ..
ئەمنی ڕێبوار ،
ئارەقم تک تک لە ڕومەت دێتە خوار ،
دەیکوتم ماندوو شەکەت ،
دەچمە پێشێ . .
خۆرەتاو دنیا دەسووتێنێ، دەڵێی گیانم دەکێشێ ..
جێگە پێیەک ،
جێ دەمێنێت و دەبێتە نەخشی ڕێیەک ،
ڕێیەکی سووتاو بە تیشکی داخ و گەرم ،
خۆڵە پوتێکی نەرم ،
***
ڕێزەماڵێک دێتە بەر چاو
تۆز لەسەر نیشتوو،
لە دەس چوو ..
دەرک و دیواری بەسەر یەکدا ڕمیو ، مردوو ..
ئاخرین ماڵ :
کاول و وێران و ڕوخاو ،
چاوەیەکی نیوە سووتاو ،
باخچەیەکی ئیشک ، بێ گیا ، تێک دراو ،
چۆڵ و بێدەنگ ،
مات و بێ ڕەنگ ،
دەرکی ژینی داخراو ،
سەردەمێکی کۆشکی ئاواتی منی ئاوارە بوو ..
***
تاقە کوچەی شاری خامۆشان ،
خۆڵەپۆتینێکی نەرمە ،
نیوەڕۆی هاوینە ، گەرمە ،
شوێنی پێیەک ،
نەخشی ڕێیەک ،
یادگاری ئاخرین میوانی شارە ،
دوور ... کوندێک خەم دەخوێنێ :
ـ ئاخۆ لەم ڕێگایە کێ ڕێبوارە ئەمجارە .. ؟

مەهاباد 1966

# تاریکی و نوور

ئەتۆ جوانی !
ئەتۆ گیانی !
ئەتۆ سروەی شەماڵی بەر بەیانانی !
ئەتۆ وەک دیمەنی خاوەن شکۆی کوێستانی کوردانی ..!
***
ئەمن دارێکی ویشک و ڕووتی بەر هەتاوم ،
ئەمن کۆشکێکی ڕوخاوم ،
بەجێ ماوم..
****
ئەمن کوێستانی تەم گرتووم ،
لەپێ کەوتووم ،
لە دەشتی بەربەرینی چارەنووسا ڕەنجەڕۆ ماوم ،
بە زنجیری ئەوینی تۆ لە زیندانی خەما بەسراو و داماوم،
لە ڕژدی بەندەنی عیشقت پشووبڕ بووم ،
لە خەم پڕ بووم ..
***
ئەتۆ دڵخوازەکەم ! ئەی کۆترە باریکەی لە دەس چوو !
لە سەر پاساری کۆشکی پڕ ترووسکەی ژینی ڕابردوو،
لە گەڵ زەردەی گەڵاڕێزا ، لە شەققەی باڵەکانت دا ..
بە داماوی بەجێت هێشتم لە نێو ئادەی خەم و زیندانی هەڵبەستا ..
من و تۆ چەندە لێک دوورین ..
وەکوو تاریکی و نوورین ..

میاندواو 1975

## مەڵێ مەیە !

خەیاڵەکەم ،
ئەسیرێکی تەلیسمییە لە گۆمی چاوەکانتا ،
خەیاڵەکەم ،
کەروێشکەیە ،
شەپۆلەکەی خەمی دڵم بە با دەدا ..
خەیالی من ،
ئەتۆی کە بۆنی پنگی بەربەیانمی ،
ئەتۆ کە گیانمی ،
ژیانمی ، بەڵام ئەتۆ !
خەیاڵ و بیر و ڕایەکەت ،
ئەسیری خۆ پەرستییە ،
لە جامی جوانی و جەفا ،
خەریکی نۆش و مەستییە ..
ئەتۆ بەهاری و ئەمن خەزانی سوور ..
ئەمن بەرەو بەهار دەچم..
کەچی شەقاوی تۆ بەرەو خەزانی زەرد و سەخڵەتە ..
وچانێ بگرە وەرزی دووهەمی ژیانی خۆت و خۆم ،
ئەتۆ ئەمن ، ئەمن ئەتۆم ،
خەیاڵەکەم !
کە وابوو هەڵمەیە !
مەڵێ مەیە !
کە چاوەکەت لە بۆ دڵی کڵۆڵی من ،
هەمیشە نەشئەیە ، مەی ـ ە ..
مەڵێ مەیە !
بواری چارەنووسی تۆ و من ،
لەمێژە چاوەڕوانی ئێمەیە ،
مەڵێ مەیە .. !

# مالاوایی

هەوریلە ! بووکی دڵم ! خونچەی ئاگرین !
بەستێنی نادیاری ئەوین ! بەربەیانی ژین !
ئەی یارە ژیکەڵەی بە ڕەوت چەشنی باڕەکەو !
ئەی جوانە دیمەنی گڕی نێو تاریکایی شەو !
دوا جار دێمە لات ،
ئیدی ئەتۆ و وەفات..
ئێوارێ ڕوو لە شەبەق ڕەوتەنیم، دەڕۆم ،
دەستم لە خۆم دەشۆم..
ئەمڕۆکە شۆڕشی گەل چاوەڕێی منە ،
ڕابوە گەلم، خەریکی بەرەنگاری دوژمنە ،
هەوریلە ! چۆن دەبێ ئەمنیش خۆ دەخەو بکەم ؟
سەر بنێمە نێو بەفر، بە فریو چەشنی کەو بکەم ؟
خۆ نا ، دەڕۆم ، دەڕۆم ،
دەستم لە خۆم دەشۆم ..
هات و نەهاتە ڕێی سەفەرم ، دوور و سەخڵەتە ،
ناخۆشییە، هەژارییە، شێوانە ، مەینەتە ،
هەڵدێرە ، لێڕەوارە، کەژە ، ڕژدە، ئەستەمە ،
سەختە ، تەلانە ، دوندە، نشێوە ، خڕ و چەمە ،
هەوریلە ! ئەو کەسەی لە گەوەی سەختی سەرکەوێ ،
ئەو پیاوە، نانەوێ ..
هەوریلە ! دڵڕفێنە ! نیگا مەندە ! لێو قوتە !
مەمکوژە ! بمدوێنە ، بەبێ دەنگی مەمکوتە !
چاوت دە چاوی من برە با مەستی بادە بم..
وا دیارە ماوەیەک ،
بابردەڵێک دەبم، لەسەر ئەم کێو و ئەو چیا
یەخسیری با ، دەبم..
با دڵ کە ئۆگری چاوی کەژاڵتە ،
مەستی خەیاڵتە ،
بۆ جاری ئاخرین ،
هەڵبەستی ئاگرینی ئەوین ،
پێشکەش بە تۆ بکات ..
ئیدی ئەتۆ و وەفات ..

چیا گەلاوێژی 1979